ئاسۆ بیارەیی
سوێد 2005-5-17

# لە قوڕەوە بۆ تەلار

کە ئێوەمان ناسی، خاکی بوون، لە تۆزی گێژەڵۆکەیەک، ڕوح سووکتر بوون.
کە شەوانە، لە دەرکی ماڵی ئێمەتان دەدا، هەناسەتان بۆنی گوڵە کوێستانی دەدا، ووشەکانتان هەنگوین بوون.
کە ئێوەمان دەدی، لە خاک خاکی تربوون، هەڵۆی کێوەکان بوون، بەڵێنتان دەدا، کە خۆرمان لە خۆرئاواوە بۆ بێنن بە دیاری، شەوە زەنگی ئەنگوستە، لە ئاسمانی کوردستاند بتارێنن.
کە ئێوەمان ناسی..
بەهار چێژێکی تری دەدا، وەرزەکانمان خرۆشتربوون، مەلەکانیش ئێواران چاوەڕێی هاتنی ئێوەیان دەکرد بۆ دیواخانی ئاواییەکان، ئێوە ماسی بوون و ئێمە دەریا..چارەنووسی ڕێبواری یەک پاپۆڕ بووین.
کەزریا ووشک بوو، ئێوە نەمان، کە ئێمە خەزاین، بڕبڕەی پشتی ئێوە شکا، کە ئەنفال کراین، ئێوەش سەرگەردان ئاش بەتاڵتان کرد.
وەرز وەرزی ئاگربوو، ئاسمان ژەهری لێ دەباری، سەوزی نەما، شاخەکانیش لە دوکەڵدا دیارنەمان. ئێمەتان بەجێهێشت  و پێشتان نەوتین، زوو بکەونە خۆتان، خاک دەسوتێ، دۆزەخ چاوەڕێتانە.

کە ئێوەمان ناسی
تەختی خەوتان قوڕبوو، سەرینتان بەردە ڕەقەی ئەلحەدبوو، بەڵام ئێوە هەر بە بڕوابوون و بە ئێمەتان دەگووت سەردەکەوین، هیوامان بەرزە.
سەرکەوتن نەهات و غەزەبی زەمانە. زاڵمی بۆ گێڕانەوەی ڕیش نارد، تووشی شکستی هێنا، تازە درەنگ بوو، ئێمە لە بیابان کۆکوژکراین، ئێسکەکانیشمان بووە ژەمێکی سەگەکانی نوگرە سەڵمان، تەنها کۆمەڵێک یادگاری تاڵ نەبێت، ئەلبومی ژیانمان، بێجگە مردن هیچی تیا نەما..
ئێوە
 چەند ساڵانێکی دوور، لە ئامێزی ئێمەدا، هەموو نازێکتان پێ بەخشرا، دوای نەمانی ئێمە، ئێوە لەودیوی سنوورەکان گیرسانەوە، ئێمەتان دیسان وەکو پردێکی خەبات، کردە نیشانەی ئازایەتی سەرسنگتان، بۆ زەمەنی خۆ هەڵکێشان، وێنەکانی ئێمەتان فرۆشت  بە هە موو بازرگانێکی گیرفان بڕ..خۆتانیش زرنگ ترین سەوداکەرتان لێ دەرچوو.
شانازی چی دەکەن، کە وا ئەمڕۆ لە بەرزی کۆشک و تەلاردا دەژین! شاگەشکەی خەوتان با خۆی هەڵواسێت، کەوا هێشتا ئێمە بەدەم ئازاری ئەنفالەوە دەناڵێنین، دەمێکە فرمیسکی ئاخمان وشکی کردوە.
ئای لە ڕۆژانی زوو، کەوا ئێوەمان لە ناو هێلانەی دڵدا دەپاراست، کۆرپەکانمان لە گەرمەی خەودا هەڵ دەساند، تا گەزە شوێنێک بۆ شاردنەوەی ئێوە، لە جانەوەران پەیدابکەین. ئەمڕۆش، ئێمە گوندنشینین، لادێی و پیس و پۆخڵین، دیمەنی شارەکانتان ناشرین دەکەین، پێمان دەڵێن شارتان هەمووی کڕیوە.
چەند زوو دیرۆکی ئێمە و خۆتان لە یاد دەرکرد، تەلارتان لە سەر سازگارترین کانی هەلبەست، بەوەش نەوەستان، چی ئەنفالچی و کوردەگرەبوو، کردتانە دەمڕاست و پاسەوانی خۆتان.

ئەمڕۆ، نەک هەر خاکی نین، سادەنین، بەڵکو خاکتان کردووەتە چەند پارچەیەک، چەند گۆڕستانێکی جیاجیا، بێجگە خۆتان، بە کەس ڕەوا نابینن، پشویەکی تیا بدا.
لە سەرچاوەی دەرونمان، کۆمەڵێک ئازار، دونیایەک چاوەروانی، باخێک پەژارە، پەنگی خواردوەتەوە، ئێوەش شایلۆغانی سەرکەوتنی ماڵی دوژمن دەکەن، پەیتا پەیتا، هۆز هۆز، دەوار لە خاکی نەیارندا هەڵ دەدەن، ئێمەش باجی کوردبوون و گوندیەتی خۆمان دەدەین.